# هەڵەبجە و خەزرەجی و تەنها یەك پرسیار

ئیبراهیم فەتاح

Ibrahim119@hotmail.com

3/16 ناونیشانی كارەساتێك و, كۆتایی و سەرەتای مێژوویەكی بە خوێن نووسراو و تۆماركراوە...كارەساتێك تێیدا كۆمەڵگایەك دەبێتە قوربانی ملهوڕیی سیاسەت و خۆبەگەورەزانینی نەتەوەیەك و بێدەنگی بێشەرمانەی جیهانێك كە لە هەر چركەیەكی دێوانەبوونیدا بەدوای گەورەترین بڕی قازانجدا هەزارەهاجار درۆ و لافلێدانی دیموكراسیبوونی خۆی و فەراهەمكردنی مافەكانی مرۆڤ كاوێژدەكاتەوە.... كۆتایی مێژوویەك كە ئیتر هەموو درۆ و دەلەسەكانی برابوون و زوڕنالێدانی ئازادی تێدا لە زبڵدانی مێژوودا خۆی دەبینێتەوەو... سەرەتای مێژوویەك كە ئەلفوبێكەی بە كوشتن و خوێن و سورەتی ئابڕووتكاوی ئەنفال و جینۆساید و نەبوونی( ئەو) و بوونی ( خۆم ) بەتەنیا و... جارێكی تریش بە سەرحیزكردنی دنیای دیموكراسی و مافی مرۆڤ لە ئاست ئەو تاوانانەدا دەستپێدەكات...........

3/16 وەك هەندێك پێیان وایە, چ پەیوەندییەكی لەگەڵ هێرۆشیمای قوربانیدا نییە... هێرۆشیما قوربانی جەنگی سەرتاسەری بوو,, بەڵام هەڵەبجە قوربانیی ژیانە..!!! هەڵەبجە قوربانیی ئەو سیستەمەیە كە بێجگە لە درۆ و دەلەسە , كوشتار و خوێن , چەوساندنەوە و قازانج , لافلێدان و هیچ لەباردانەبوون و لەسەروو هەمووشیانەوە بێجگەلە فریودان و خەنینەوە بە ئاواتەكانی مرۆڤ هیچیدی نازانێت ...3/16 سیمبوڵ و زەنگ لێدانی مردنی مرۆڤ و سەروەری قازانج و سەرمایەیە........

ئەمرۆ تەنیا بیروەری و هەڵوێستمان بەرامبەر هەڵەبجە لە ئارادایە...جا ئەگەرچی بیرەوەریەكانمان ڕەنگی سووری خوێنی قوربانییەكان و ڕەشی ماتەمینی گرتووە... بەڵام واپێدەچێت هێشتا هەڵوێستەكانمان لە قوڵلەپێی كارەسات و قوربانییەكاندا نین .......

هەموو دەزانین هەڵەبجەی قوربانی مەلۆتكەی كارە ڕەش و نەگریسەكانی ڕژێمی بەعس و گروپی مافیای سەرمایە و نۆكەرانییەتی و .... هەرئێستایش یەكێك لە روخسارە ملۆزمە دەست خوێناوییەكانی ئەو كارەساتە, نزار خەزرەجی , لە یەكێك لە وڵاتە ئەورووپییەكاندا ژیانی پەنابەری سیاسی (!) بەسەردەبات و , لە هەمان كاتیشدا خۆی بۆ گرتنەدەستی یەكێك لە پۆستەكانی ئیدارەی داهاتووی ئێراقی بە خوێن نووسراو و سنووركێشراو و ڕەنگكێشراو دا ئامادەدەكات ..... ئەمە چ نەهامەتییەكە ئەم خەڵكە گیرۆدەی بوون.....؟؟؟؟ جەللاد و خوێنرێژی دوێنێ بتوانێت , لەسایەی پیرۆزی ئەم سیستەمە و روخساری خێڵی خۆ بە ئۆپۆزیسیۆن زانیوو دا , خۆی بۆ پۆستی ئاییندە و هەڵگری ئاڵای مافی یەكسانی هاووڵاتیبوون تەیار بكات ........؟؟!!؟؟

لەوەیش واوەتر , ئەی ئەمە چ کارەساتێك و چ سەرلەنوێ کیمیاویی بارانکردنێکی هەڵەبجەیە کەوا ئەمڕۆ لایەنی سیاسی بەناو بەرگریکاری هەڵەبجە هەبێت و لە هەمان کاتدا بوێرێت لەبەردەم قوربانیان و نەوە و پرسەگێڕانی قوربانیاندا جورئەت و زاتی ئەوە بکات کەسێکی وەك خەزرەجی بە شۆڕشگێڕ و ئۆپۆزیسیۆن نێوزەدبکات !! ئەمە زەمەنی چ سیاسەتێکە یان سیاسەتی چ زەمەنێکە وا بێپەروا بەمەبەستی فریودان و گەرمکردنی بازاڕی قاچاچێتی سیاسەت , فرمێسکی تیمساحی لەسەر بیرەوەری کارەساتەکان دەڕێژرێنرێت , کەچی دەستی خوێناوی جەللاد بە بەرگی گەردی کیمیایی لێنیشتووی قوربانیان پاقژ دەکرێتەوە و , کەژاوەی بەرائەت و تاجی گوڵینی لەسەر دەنرێت ؟؟... ئەی ئەوە کام هەڵوێستی مۆدێرن و عەلمانییە وا ئۆپۆزیسیۆنی بەرگریکار تەنیا وشەیەکیش بەدەمیدا نایەت تاوەکو بیخاتەبەردەم دادگای ئەو وڵاتەی خەزرەجی وەك سەگ تێیدا دەژی...؟؟ هەموو دەزانین لە دوێنێی کارەساتدا کۆمەڵێك مەلای ریسوا هەبوون کە سوێندیان بە تەڵاقیان خواردبوو کەوا رژێمی بەعس لەو کارە بێبەرییە و... بۆ سەمەرەیش ئەوانە کە بە چەسپی دووقولی تەڵاقی خەڵکیان بە پارەیەکی زۆر پێکەوە دەلکاندەوە, کەچی خۆیانساڵەهایەك بەو تەڵاقە جوانەی خۆیانەوە لە باوەشی ژنەکانیاندا دەخەوتن , هەروەك ئەوەی ژنەکانیان کەنیزەکی لە شەڕ دا گیراوی رۆژگاری قوڕیش بن و پێویستی بە چەسپی دووقولییەکەی خۆیان نەبێت!!... ئایا ئەو سوێندە ریسواییەی دوێنێی ئەوانە گرانتر و ئازاراویترە یان ئەم بێدەنگی و ئەم داکۆکییەی ئەمڕۆی ئۆپۆزیسیۆنی دەسەڵاتدار ....!!

بێگومانم لەوەی ئەمڕۆ لە کوردستان زۆر لە قاچاخچیانی سیاسەت , لە بیرەوەری ئەو کۆستە گەورەیەدا قسەی زل زل و رەنگاوڕەنگ و موزایەدەی بێمانا دەکەن و , بەیاننامەی بێشەرم و گوتاری درۆزنانە و وادە و بەڵێنی فریودەرانە بەرهەمدەهێنن و هەڵدەڕێژن , بەڵام بە کردەوەیش وشەیەك بەرامبەر یەکێك لە کاراکتەرە هەرە سەرەکیەکانی خولقاندنی هەڵەبجەی قوربانی , نزار خەزرەجی , نادرکێنن...!!

پرسیاری من لەوانە و لە هەموو ئەوانەی خۆیان بە تەنیا فسفس پاڵەوانی مەیدانی سیاسەتی ئەمڕۆی دەڤەری هەڵەبجە و دەوروبەری دەزانن , ئەمەیە :::

ئەمڕۆ ئێوە ئەمە هەڵوێستی پڕ شەرمەزاریتانە ,,, ئەی ئایا ئەگەر سبەینێ خەزرەجی بە هەر دەردێك بێت گیانی دەربچێت و بمرێت ,, ئایا ئێوە بە چ روویەکی ئاسنینەوە , پاش مردنی , باسی ئەم هەڵوێستە نالەبار و ناشایستەیەی خۆتان دەکەن کەوا تاوەکو مردنی جەللادەکە ئێوە هەر خەریکی بێدەنگی یان داکۆکی لێکردنی بوون ؟ .... ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە , گەر بۆ تەنیا جارێکیش بێت , وەك مرۆڤەکانی ئەو دەڤەرە هەڵوێست لە دیاردە و کارەساتەکانی بگرن ؟؟؟.... یان ئەوەیە ئێوە هەر لە ئێستاوە درۆکانی سبەینێی پاساودانی ئەمەتان ئامادەکردووە...............!!!!

هەڵەبجە .. نامەیەکی خوێناوی و جەستەیەکی پڕ زایەڵەی هاواری ژان و بێدادی و ئاڵای تۆمارکردنی هەڵوێستی راستگۆیانەی مرۆییانەیە و ... ئەوەی ئەو نامە و زایەڵەیە بە نرخی قاچاخچێتی سیاسەت و سیاسەتی قاچاخ دژە بە دەرخۆنە دەکات ........ هیچی لە بەعس و سەدام و خەزرەجی و ئەورووپا و ئەمریکای خۆ کەڕ و لاڵ کردوو کەمتر نییە , ئەمە ئەگەر هێندەی ئەوان دەستیان لە خولقاندنی خودی هەڵەبجەی قوربانیدا نەبووبێت... 2002/3/16